www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:44 28-8-2006

# ناموسپارێزی پشیله... ؟! هاوژین حەمەرەشید



رۆژی پێنج شەممەی رابردوو لە ماڵپەڕی k4n مانشێتێکی سەرنج راکێشم بینی کەسەردێڕی هەواڵێکی ناوخۆ بوو ئەویش ئەمە بوو (لە شارۆچکەی سەیدسادق پشیلەیەك لەگەڵ مریشکێك جووت دەبێت) . کلیکم لەسەر مانشێتەکە کرد تا ناوەڕۆکی هەواڵەکە بخوێنمەوە بزانم رووداوەکە ئەوە دەهێنێت تابەومانشێتە وبەوگرنگی پێدانەوە لای سەرووی ماڵپەڕێك بڵاو بکرێتەوە، کە تەماشامکرد بینیم زۆر لەوە زیاتر دەهێنێت کە بەهەواڵك بخرێتە روو، ئەوەی لەم هەواڵەدا بوو شکاتی کەسێك بوو لە پشیلەیەك لای مامۆستایەکی ئاینی بەوەی ئەم پشیلەیە چەند جارێك بینراوە لەگەڵ مریشکێکدا جووت بووە، ئتر ئاماژەبەوەنەدراوە کە ئەو کەسەی شکاتەکەی کردووە خاوەنی مریشکەکە بووە یا نا، ئەوەی لە بەشی دووەمی هەواڵکەشدایە شتێکی سەرنج راکێش ترە لە مانشێتەکە کە بۆ خۆی جێی لێوردبوونەوەو قسە لەسەر کردنە کەمامۆستای ئاینی وەڵام دەداتەوە و رووداوەکە بەنیشانەیەکی ئاخر زەمان وەسف دەکات و سزای کوشتنیش بۆ پشیلەکە دەردەکات، لە ماوەکانی رابردووشدا لە یەك لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا هەواڵکی دیکەی لەم شێوەیە لە لاپەڕە یەك بڵاو کرابووەوە، کە گوایە لەشارۆچکەی عەربەت گەنجێکی 18 ساڵ لە سەر جووتبوونی لە گەڵ ماکەرێکدا بە دەستی خاوەن ماکەر دەکوژرێت و هەر لەسەر ئەم جووت بوونە دوو کەسی دیکەش لە خێزان و کەسی گەنجەکە و خاوەن ماکەرەکە بریندار دەبن و بکوژانیش دەکەونە زیندان، لەرۆژی جیهانی لاوانیشدا لە میانی فستیڤاڵی رۆژی لاواندا، کە وەزارتی وەرزش ولاوان سازیکردبوو. مامۆستا جەمال جەبار غەریبی نووسەر لە ئامارێکدا کە لە سەر مەسەلەی کوشتنی کچان و ژنانی کور دلە هەرێمی کوردستان ئامادەی کردبوو گوتی: لەو ئامارەی لەبەردەستیدایە تەنیا لە ماوەی ساڵی 2005دا 2100 ئافرەت کوژراون، گوتیشی ئەم ژمارە قوربانییە زۆر زیاترە لە قوربانیانی سەربازانی ئەمە ریکا لە شەڕی ئێراقدا لەماوەی سی ساڵی رابردووی شەڕدا کە 1600سەربازی ئەمەریکا کوژراون، ئاماژەی بەوەشداکە زۆرینەیئەو ئافرەتانەی کوژراون لەپەنای ناموس لە ناوبراون یا بەشێوەیەکی گشتی

لە پەنای پاراستنی ناموسدا کوژراون، لە هەر یەك لەم سینموونەیەشدا یەك شت خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەویش کوشتنە لە پەنای ناموسپارێزیدا. رەوایەتدانی کوشتنی پشیلەیەك، گەنجێك دەیان کچ یاژن بۆ کڕینەوەی نامووس یا پارێزگاریکردن لە نامووسی خانەوادە ئەو کلتورەی کە هەنوکە وەختە هەموومێینەکا ن مرۆڤ بن یاگیاندار یابالّدارو پەڕندەو هەتا خشۆکو مێرووەکانیش دەخاتە دووڕیانی ناموس وکوشتنەوە وەك ئەوەی مێینە کائینێك بێت لە ناموسی بنەماڵەو خانەوادە وبەوناوەهاتبێتە وجود. ئەگینا پشیلەیەکی داماو چ لەواتای ناموس دەزانێت یا چ لە پاکیزەی مریشکێك دەزانێت تا فەتوای کوشتنی بدرێت یاتۆ بڵێی مریشکیش پەردەی کچێنی هەبێت تا وەك هەموو کچە بەشمەینەتەکانی کورد بەشێکی هەرە بچوك لە جەستەی ببێتە دوژمنی و لەناوی بەرێت، ئەی ئەو ماکەرە بەستە زمانە بۆ بووە ناموسی خانەوادەیەکو گەنجێکی چەپێنراوی ژیان نەدیوی لە گۆڕنا، خۆ ئەمجارە فەتوای کوشتنی هەموو ماکەرەکان نادرێت لەبەر ئەوەی کورد گوتەنی عەوریان بەدەرەوەیەو

هۆکاری بزواندنی گەنجە چەپێنراوەکا نن یا یاسایەك یا دەقێك دەرناچێت بڵێت دەبێت ماکەرو مانگاو پشیلەو مەیمون و مریشکو مارو مێروە مێینەکان هەموویان دەبێت پۆشراو بن وپۆشاکیان لەبەر بکرێت وەك ئەوەی بۆ ئافرت رەواییەتی پێدراوە. تۆ بڵێی کاریگەری یاسای سڕینەوەی ناموس (الغسل العار) بێت کە کارپێکردن وجێبەجێکردنی رێژەی قوربانیانی ناموسی لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا بە 2100ئافرەت گەیاند بێت و وایکردبێت مێینەکان تێکڕا بە مرۆو گیاندارو باڵندەو هەتا مێینەی خشۆکو مێرووەکانیش ببنە شەرەفی خانەوادە وبنەماڵە و هەڕەشەی کوشتن بیانگرێتەوە یاکا ریگەری بزاوتی یەکسانیخوازی و مەدەنییەتە لە سایەی رێکخراوە بێشومارەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا یان ئاکامی هەوڵی هەڵسوڕاوان وداکۆکیکارانی مافی ئافرەت و مێینەیە کە عەقڵی کۆمەڵگای کوردی بەم کارەساتە گەیاندووە. چونکە گەر وابڕوات هەرچی مێینەیە دەبێت ببنە سەربازی شەڕی ناموس و مینەکانی شەرەف بەخۆیاندا بتەقێننەوە تا ڤاتیکانێك خاڵی لەمێینە دوای ئەم شەڕە دروست بێت چیتر نێرینەکان هەست بە بۆن و بەرامی ناموس لەدەروازەی کرانەوەی نوێی کۆمەڵگادا نەکەن.

Hawzheen94@yahoo. com